# ئەو کوڕەی بەدەرکردن

**خۆشەویستی دایك و باوك زۆر لەوە گەورەتر و پیرۆزترە کە ئێمە لەبەرامبەر هەرشتێك کە پێمانوایە بەنرخترینە، لەدەستی بدەین. دایك و باوك هەمیشە لەخەمی بوونی منداڵ و داهاتووی منداڵەکانیاندان، سەرجەم ژیانی خۆیان دەکەنە قوربانی، منداڵ هەست بەم ئەرك و ماندوبوونەی دایك و باوك ناکەن، کاتێك دایك و باوك منداڵەکانیان پەروەردە دەکەن و لەسەر باشترین شێواز ژیانیان بۆ دابین دەکەن، تادەگاتە ئاستی پێکهێنانی پرۆسەی هاوسەرگیری، دەبینین لەو کاتەدا ئەگەر یەکێك لەدایك و باوك کۆچی دوایی کردبێت و ئەوەی دیکەیان مابێت، ئەوا ئامادەیی ئەوەیان نابێت خزمەتی بکەن، بەپێچەوانەوە لەبەرئەوەی ڕەزامەندی هاوسەرەکانیان(ژنەکانیان) بێنەدی ئاساییە ئەگەر بیانکەنە دەرەوەی ماڵ و لەسەر شەقامەکان ژیان بەسەر بەرن. سەیرە پیرەژنێك کە تەمەنی ٧٣ ساڵ بێت دەبێت چۆن شەو لەبەردەم دوکانێکدا بەسەر بەرێت، کوڕەکەشی لەماڵەوە لەوپەڕی ئاسودەیی و دڵخۆشیدا بژی، تۆ بڵێیت وا هەستی کردبێت کە هەرگیز دایکی نەبووبێت؟ یان چۆن توانیویەتی لەژوورێکی گەرمدا سەرخەوێك لەوپەڕی ئارامی و بێ خەمیدا بشکێنێت کەچی دایکی بەم سەرماو سۆڵەوە کراوەتە دەرەوەی ماڵ. ئەوەی دەیگێڕینەوە لەدەمی ژنێکی ٧٣ساڵەوە دەبیستین کە کوڕێکی لەو چەشنەی هەیە...**



**بەئاواتی لەدایکبوونی کوڕێك**

ئەم دایکە چیرۆکی خۆی بەم جۆرە بۆ گێڕاینەوە و وتی: لەو ڕۆژەی کە من و باوکی ڕێکەوت پرۆسەی هاوسەرگیریمان کرد، چاوەڕێی ئەوەبووین کە یەکەم منداڵمان خوای گەورە کوڕێکمان پێبدات بۆئەوەی هەمیشە لەسەرەتاوە ماڵمان ئاوەدان و پڕ بەختەوەری بێت. ڕێکەوت کوڕی تاقانەم بوو، دوای شەش ساڵ لەچاوەڕوانی منداڵ، کچێکمان بوو، دواتر لەدوای سێ کچ،

# ـــی دایکی پەشیمان بۆوە

(ریکەوت) لەدایکبوو. هەربۆیە ناومان (ریکەوت) لەبەرئەوەی چاوەڕێی ئەوە نەبووم کە منداڵی دیکەمان ببێت. هاوکات ئەو ڕۆژەی کە (ریکەوت)ی تیا لەدایك بوو لەژیانی من و باوکیدا بەریکەوت شتێکی زۆر خۆش ڕوویدا کە هەموو ژیانی ئێمەی گۆڕی، بەخواستی هەردووکمان ئەو ناوەمان بۆ هەڵبژارد، نەمزانی هەر بەریکەوت من لەو ماڵە دەکاتە دەرەوە.

دوای ژنهێنانی بۆ ماوەی هەشت مانگ (ریکەوت) کەوتە بیانو گرتن لێم بۆئەوەی لەماڵی ئەوان نەمێنم و بچمە ماڵی کچێکم بژیم. ڕۆژانە بووکەکەم دەکەوتە بۆڵە بۆڵ و توڕەبوون، دەیووت: من خاوەن بڕوانامەی بەرزم بێزم نایەت پیرەژنێك بەخێو بکەم، من بۆ ئەوە شووم بەکوڕەکەت نەکردووە کە خزمەتی تۆ بکەم، پێمدەوت: باشە من پێویستم بەخزمەتی تۆ نییە، بەڵام ئەوەندە هاوار مەکە بەسەرمدا، چونکە هەر خۆم دەزانم چۆن ریکەوتم پێگەیاندووە.

لەدوای ئەو هەموو بێزارییە دڵم نەدەهات بە(ریکەوت)ی کوڕم بڵێم، ئەموت با کێشە لەسەر من دروستنەکەن. بەڵام ئەم خۆڕاگریەم بێسود بوو، تا ڕۆژێك بە کوڕەکەمم وت: ڕۆڵەگیان خۆت باش دەزانیت لەهەموو دنیا تەنیا تۆم هەیە ئێستا بەم پیرییە چۆن دەتوانم بچمە ماڵی زاوایەکم بژیم لەوانەیە پێیان خۆش نەبێت، هەرچۆنێك بێت ئێرە ماڵی کوڕی خۆمە بێمنەتترە، بەڵام وا هەست دەکەم کە ئیتر من لەم ماڵە جێم نابێتەوە. (ریکەوت) هیچ وەڵامی نەدامەوە، منیش هەموو ئەو ژیانە تاڵەم بۆ گێڕایەوە کە چۆن لەبەر خاتری ئەو ژیانمان خستبووە نارەحەتییەوە. لەبەرئەوەی ناردمان بۆ دەرەوەی وڵات و خوێندنمان پێتەواو کرد. ئەمانەم هەموو بۆ باس کرد، بەڵام بێسوود بوو. لەوەڵامدا پێیوتم: دایە گیان ئەوەی تۆ باسی دەکەیت ئەرکی دایك و باوکە بۆچی باسی دەکەیت، کە ئەم وەڵامەی دامەوە ترسم لێنیشت، لەوەی کە ڕۆژێك دێت ئەمیش بەهەمان شێوەی بووکەکەم لێم بێزار دەبێت.

**ژیانی شەوی دایکێك لەسەر شەقام**

دایکی کڵۆڵ بەردەوام دەبێ لەسەر گێڕانەوەی نەهامەتییەکانی خۆی و دەڵێت: لەشەوێکی زستانی زۆر ساردا بوو، هێشتا نانی ئێوارەمان نەخواردبوو لەبەرئەوەی ئەوان درەنگ دەهاتنەوە دەبوو چاوەڕێیان بکەم تا دێنەوە و خواردنێك دروستدەکەن. نزیکەی کاتژمێر ٨ی شەو بوو، کە هاتنەوە، (ریکەوت): وتی دایە وەرە نان بخۆ خواردنم لەدەرەوە هێناوە، ئەمەی وت و ژنەکەی هاواری کرد وتی: بۆی بەرە بۆ ژوورەکەی من بێزم نایە نانی لەگەڵدا بخۆم، چونکە چەند ڕۆژێکە نەخۆشە. لەسەر ئەم قسەیە لەگەڵ ریکەوت لێیان بوو بەناخۆشی و دەنگە دەنگ، چەندین قسەی ناخۆش و ناشیرینان بەیەکتر وت هەرگیز هەستت نەدەکرد ئەم دوو کەسە ژن و مێرد و خاوەن بڕوانامەی بەرز بن. دوای مشتومڕێکی زۆریان ئاخیرییەکەی (ریکەوت) بەناچاری ملی بۆ ژنەکەی کەچ کرد و بە گوێی کرد و (ریکەوت) وتی: ئەوا من لەبەر خاتری تۆ دایکم دەکەمە دەرەوە بزانم تۆ ئاسودە دەبیت. وتم: ڕۆڵەگیان بۆچی دەمکەیتە دەرەوە هیچ نەبێت تەلەفۆن بکە بۆ خوشکێکت بابێت بمبات، خۆت دەزانی دەرەوە چەند ساردە و نانیشم نەخواردووە. وتی دەتۆش ئابڕوومان بەرە چۆن تەلەفۆن بۆ خوشکەکانم دەکەم. وتم: ئەی بەوە ئابڕووت ناچێت بمکەیتە دەرەوە؟!!!

هەرئەوەندەم زانی پەلاماری داماو بردمیەوە دەرەوە بۆ ناو ئۆتۆمبێلەکەی، هەرچەند هاوارم کرد بێسود بوو وتی: هاوارمەکە با نەتکوژم. (ریکەوت) زۆر بێ بەزەییانە منی بردە سەر شەقامێك لەبەردەم دوکانێکدا فڕێی دام، تەنیا یەك بەتانی بۆ هێنابووم، هەتا گەیشتینە ئەوێ هەر دەگریام دەمووت: ڕۆڵە من دایکی تۆم بۆچی لەبەر خاتری ژنەکەت دەرم دەکەیت؟ کاتێك بەجێیهێشتم نەمدەزانی چی بکەم برسی و بێتاقەت لە شەقامێکی چۆڵ و تاریك، دەترسام گیانلەبەرێك پەلامارم بدات، ئیدی بەو نارەحەتییە و بەو سەرما و سۆڵەوە ئەو شەوەم بەسەر برد.

بۆ بەیانی کە خاوەن دوکانەکە هات و دوکانەکەی کردەوە لێیپرسیم بۆچی لێرەیت دایکە؟ لەبرسانا نەمتوانی وەڵامی بدەمەوە، هەر ئەوەندەم توانی بڵێم توخوا تیکەیەك نانم بدەیە زۆرم برسییە. دوای ئەوەی خواردنی بۆ هێنام و ئاگرێکی بۆ کردمەوە کەمێك هاتمەوە سەرخۆم، بۆم باسکرد کە چۆن منیان فڕێداوە، پێشمووت کە من دایکی کێم. بەهەرحاڵ دراوسێ دوکانێکی ئەو کوڕە هات بۆ لام کە ناوی (جەماڵ) بوو وتی: وەرەوە دەتبەمەوە بۆ ماڵی خۆمان دایکێکی وەك تۆ پیرم هەیە بۆ خۆتان پێکەوە بن. یەکەمجار ڕازی نەبووم، بەڵام دوایی زۆری لێکردم و منیش ڕازی بووم کە لەگەڵیدا بڕۆم.

**پەشیمان بوون لەدوای (٣) مانگ**

دوای ئەوەی بۆماوەی (٣) مانگ لەماڵی (جەماڵ) مامەوە، ڕۆژێك (جەماڵ) هاتەوە وتی: ئەمڕۆ کوڕەکەت هاتووە هەواڵی پرسیویت، ئێمەش پێمان وتووە کە نەمان بینیوویت، ئیتر ڕۆیشت. سەرباری هەموو خەمەکانی خۆم، خەمی دڵی (ریکەوت)م بوو. دووبارە پاش ماوەیەکی دیکە (جەماڵ) وتی: ئەمڕۆ کوڕەکەت دیسان هاتووە بۆ دوکانەکەم و وتی: من هەموو سلێمانی گەڕاوم و چوومەتە خانەی پیران و لەوێش نەبووە، پێم بڵێن دایکم لەکوێییە؟ ئینجا دەستی کرد بەگریان و بەسەرهاتەکەی گێڕایەوە و زۆر خۆی بە تاوانبار دەزانی، زانیمان کە چەند پەشیمانە لەو کارەی کردوویەتی، بۆیە ئێمەش پێمانوت کە لەلای منە، بەڵام ناهێڵم بیبەیتەوە و تەنانەت بیشی بینیت. ئیتر (ریکەوت) پێیوتبوو کە ژنەکەی بۆتە هۆکار بۆ دەرکردنی دایکم بێجگە لە دایکم لەگەڵ منیشدا ڕۆژ بە ڕۆژ مامەڵەی خراپ دەبوو، بۆیە هەرزوو بڕیارمدا لەیەکتر جیاببینەوە، ئێستا هاتووم کە دایکم بەرمەوە، لەدوای وەرگرتنی بەڵێنێکی زۆر، ڕازی بووم کە بێت لەگەڵمدا.

کاتێك (ریکەوت) هات بۆ ماڵی (جەماڵ) زۆر سەیر بوو بەلامەوە، یەکسەر باوەشی پێداکردم و دەستی ماچ کردم و فرمێسك بەچاویدا هاتە خوارەوە و وتی: دایەگیان دەبێت لێم ببووریت، لەئاست تۆدا هەست بەشەرمەزاری دەکەم، بەهەرشێوەیەك بێت دەبێت لەگەڵمدا بێیتەوە، لەناو هاوڕێ و کەسوکارەکەمدا تووشی ڕووڕەشی هاتووم. پاش پاڕانەوەیەکی زۆر و لەبەر ئەوەی کە دایك دڵی زۆر میهرەبانترە لەڕۆڵەکانی، بۆیە لەگەڵیدا ڕۆیشتمەوە، لەو ڕۆژەوە بەشێوەیەك خزمەتم دەکات کە هەرگیز بەو شێوەیە نەمبینیوە، دەڵێت تا تۆ لەژیاندا مابیت جارێکی دیکە من ژن نەهێنم نەوەك جارێکی تر ئازارت بدەمەوە.

**مرۆڤ بوونەوەرێکی پڕ لەهەست و سۆزە، بۆیە دوای ئەوەی دەچێتە ژیانی هاوسەریەوە بیر لەوە دەکاتەوە منداڵێك دووانی ببێت بۆ ئەوەی ببنە رۆشنایی ماڵەکەی، بەڵام بۆ منداڵبوونیش ئافرەت پێویستی بە زیاتر لە نۆ مانگ سکپڕیی هەیە بۆئەوەی منداڵەکەی تێدا گەشە بکات و ئامادەی بوونی بکات. کاتێکیش سکی پڕ دەبێت گۆڕانکاری بەسەر جەستەی دادێت و سکی گەورە دەبێت، بەڵام بەداخەوە هەندێکجار ئەم ئافرەتانە لەلایەن بەشێك لەتاکەکانی کۆمەڵگەوە دەکەونە بەر توانج لێدان و ئافرەتەکان وایان لێدێت شەرم لەخۆیان و جەستەی مێینەی خۆی بکەنەوە. ئەم توانج گرتنە رەفتارێکی ناشایستە و نابەجێیە و شایەنی ئەوەیە کە بخرێتە بەر لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن و رەخنە گرتن. لەم ریپۆرتاژەدا ئەم باسە دەوروژێنین و بیروڕای چەند کەسێکی لەسەر وەردەگرین..**

(شنۆ رەئوف) سکپڕیەکەی لەتەمەنی حەوت مانگیدایە پێیوایە کە توانج لێدان بووە بە دیاردە، بەڵام ئەوە تەنیا پیاوان نین کە توانج لە ئافرەتان دەدەن، بەڵکو ئافرەتانیش زۆرجار بەگەورەیی سکی ئافرەتەکەی بەرانبەری پێدەکەنێت و زۆرجار توانجیشی لێدەدات. لەگەڵ ئەوەش کە خۆی وەك ئێمەی لێدێت. (شنۆ) پێشیوایە کە ئەم رەفتارە هۆکاری خۆی هەیە و دەڵێت: هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نزمی ئاستی هۆشیاری خەڵك و کۆمەڵگە. ئەوەش دیارە کە ئاستی هۆشیاری تاکی ئێمە بەپێی پێویست نییە.

(کاوە مەحمود) توێژەری دەروونی دەڵێت «دیاردەی توانجگرتن لە تاك دیاردەیەکە رۆژانە رووبەڕووی زۆربەی خەڵکی دەبێتەوە. ژنانی سکپڕیش بەدەر نین لەم توانجانەی کە خەڵکی کردویەتی بە باو لەکۆمەڵگەدا. ئەوکەسانەش کەئەم سیفاتەیان تێدایە ئەوانەن کە باری رۆشنبیریان زۆر نزمە. هەندێکیشیان کەسانێکن بێئیش لەناو بازەڕەکان و شوێنە گشتیەکاندان چاوەڕێی ئەوەن هەرکەسەو بەبەردەمیدا تێبپەڕێ توانجێکی تێبگرێت، لەکاتێك کەسەکە ئافرەت بێت و سکپڕیش بێت، ئەوا توانجەکەی گەرمتردەبێت.

هەروەها وتیشی «بەڕای من هۆکاری سەرەکی ئەمە ئاڵۆزی باری دەروونی تاکە. تاکیش بۆ کەمێك حەوانەوەی ئەو بارە ئاڵۆزە پەنا دەباتە بەر ئەو توانجلێدانە».

گۆڕانی کۆمەڵایەتی کاریگەری هەیە لەسەر گۆڕینی ئەقڵی تاك ئەم توانجگرتن و تانە لێدانە، گۆڕانە بۆ دواوەوە بەهۆی ئەو تێکەڵبوونەی کولتووری رۆژئاوا بەکولتووری کوردی خۆمان، ئەمەی دەرهاویشتە کردووە کە هەیە. سۆما ئەنوەر ژنی ماڵەوە دەڵێت «ئەو قسەو توانجانەی لەناو بازاڕ و شوێنە گشتییەکاندا بە ئافرەتانی سکپڕ دەکرێن، دیاردەیەکی ناشرینەو نیشانەی ناشارستانیەتی کۆمەڵگەیە، چونکە هەموو کەسێك خاوەنی خوشك و دایکەو نابێت گاڵتەو توانج لەدایك و خوشکی کەس بدەن. وەك یادگاریەك بۆتانی بگێڕمەوە (بەپێکەنینەوە وتی) «رۆژێك لەکۆڵانی خۆمان بۆ ماڵی باوکم دەچوومەوە کوڕێك تەمەنی ١٥سالان بوو پێی وتم پورێ ئەوە تۆپت قووتداوە. بەهەرحاڵ من بۆ زۆر جێگە هاوسەرەکەم نابەم لەگەڵ خۆم خوشکی هاوسەرەکەم دەبەم، چونکە ئەو ژنەو هەرچیشم پێبوترێت شەرم ناکەمەوە وەك خۆم ژنە، بەڵام بۆ هاوسەرەکەم ناخۆشە کە رووبەڕووی ئەوە ببمەوە. ئەوانەشی کە زیاتر توانجدەگرن پیاوانن کەزۆربەیان کوڕی گەنجن».

سەبریە قادری، تەمەنی ٣٣ساڵە لەکاتی سەردانکردنی دکتۆرەکەی دوای هەواڵ پرسین لەسەر تەندروستی خۆی و منداڵەکەی، باسی ئەوەی بۆ کردین کە رۆژێك لەکاتی سەردانکردنی بازاڕدا گوێی لەدەنگێك بووە وتویەتی سەیرە ئەوە چۆن ئاوساوە دەڵێی دەرمانی مشکی خواردوە. (سەبریە خان) دەڵێ: من زۆرم پێناخۆش بوو ئاوڕم دایەوە جوێنێکی پێبدەم کەچی کوڕەکە دراوسێمان دەرچوو! وتم چیت پێبڵێم؟ سەری داخست و نەیتوانی سەیرم بکات. هەتا هەفتەیەکیش لە دڵم دەرنەدەچوو ئەوەندە خەمم پێخوارد. نازانم ئەو کۆمەڵگەیەی ئێمە بۆ وایلێهاتوە لە هەرشوێنێك ژنی سك پڕ ببینرێت، دەبێت یارمەتی بدەی نەك توانجی لێبدەیت. بەڕاستی من خەڵکی سلێمانی نیم خەڵکی بۆکانم لەلای ئێمە ئەم جۆرە توانجانەم نەبیستووە و نەمبینوە ئەگەر هەبێت ئەبوایە لەژنێکم ببیستایە، زیاتر ئەم جۆرە توانجانە لای گەنجان باوە لەشوێنە گشتیەکاندا دادەنیشن تەنیا ئیشیان توانج گرتنە لەم ژنە و لەو ژنە.

(کامەران عەلی ) کە هاوسەری (سۆما )ی سکپڕە هاتە ناو باسەکەو ئەویش رای خۆی دەربڕی و وتی: زۆرم پێناخۆشە (سۆما ) ئاوا باسی توانجلێدانی خەڵکی دەکات. بەڵام ئەگەر بێت و منی لەگەڵ بم و کەسێك توانجی لێبدات بەڕاستی لەناو دەمی دەدەم، بۆچی دەبێت توانجی لێبدرێت و بۆ ماوەی چەند مانگێکی کەم سکی ئاوا بەرز دەبێت.



بەرپرسی فایلی کۆمەڵایەتی: کامەران جەلال.. بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504944607 Email: komelayeti@gulan-media.com

